Yekêtî Nivîsevanê Kurd
Stichting Koerdische Schrijvers in Nederland
یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هۆڵەندە

# ئاگرێکی لەناو دڵما کردۆتەوە



هێمن ڕەئووف
www.hemnrauf.kurdblogger.com



گەڵای وەریووی غەمگینیم دەسوتێنێ،

ئاگر لە پەیکەری ووشکی ئەم خەمۆکییەم بەردەدا.

ئاگرێکی کردۆتەوە

زەوی دڵم هەمووی بووە بە چراخان.

لە ژێر درەختی شیعرێکدا

چەند پیتێکی بە جێماو و چەند وشەیەکی ووشک بوو،

گوڵ و تۆوی چەند شیعرێکی ساڵانی زوو دەچنێتەوە.

لە ئاقارێکی ڕەنگ زەردی شێوە بیابان لێنیشتوو

کە شوێنەواری یادگاری و ژووانمان بوو

ناوی خۆی و وێنەیەکی کێشراوی باڵای خۆی و

جێ پێیەکی بەجێماوی منداڵیی دەبینێتەوە .

ئەو ئێوارەی بیر دێتەوە:

بە ملوانکەی شیعرێکی سەوزی بەهاری

دیلانێ و پەت پەتێن دەکات

من دەبینێ

بە شەرمەوە خۆی بۆ باوەشم دەهێنێ

خۆیی دەهێنێ و خۆی ناهێنێ

پێڵوەکانی لێک دەنێ

سەری دەنێ بە سنگمەوە و

تاسەی ماچێکی شیرینی بە لێومدا هەڵدەواسێ.

ئاگریکە هیچ جێیەکی خاکی دڵم ناسوتێنێ و نایەشێنێ

هیچ گوڵێ ناپروکێنێ

هیچ شەوێکم ناتۆرێنێ

ئاگریکە چیلکە و چەوێڵی وشکبووی خەمەکانم ئاگردەدا و

پشکۆی حەزەکانم گەش گەش دەکاتەوە

نامسوتێنێ و هەموو سەرزەمینی دڵم

ڕووناک رووناک دەکاتەوە

ئەو ئاگرەی بۆ عەشقی من و نازی خۆی کردۆتەوە

نازەکانی خۆی کردووە بە پلیکانەیەکی لەنگ

ووشەو پیتەکانی منی هەرهەموو بە نیانی خۆی

به درەختی شیعرێکمدا هەڵدەواسێ

ئێرەی کردووە بە سەکۆ و بە سکێچی خۆنواندن

چیرۆکێکی ڕەنگاوڕەنگی هەڵبەستووە پڕە لە گوڵ

خۆی عەزییەکی پەمەیی و پاپوچێکی بچکۆلانەی لە پێیایە

پرچی بە گوڵەبەیبون و نێرگز و گوڵاڵە سورە

بە دوو پرچی مناڵانە لەملاولایەوە بەستووە

هێندە جوانە، لە دێڕێ شیعری خۆی دەچێ

یاری دەکات سەما دەکات ناز دەبارێ

ئاگر هەر گڕی دەسوتێ

نازانم دڵم دەسوتێ یا ناسوتێ

هێشتا هەست بە ئازار ناکەم

گڕی زەردی ووردە ووردە بۆ ڕەنگێکی ئەرخەوانی هەڵدەکشێ

چاوم ڕێشکە و پێشکە دەکات

دەیبینم دەبێت بە گوڵ و نابێت بە گوڵ

گوڵ ڕەنگێکی ئەرخەوانی

گڕ هەتا دێ کاڵ و بێڕەنگ دەچێتەوە

پەمەیی سپی بێڕەنگ و کز و ڕەنگ زەرد

دەبێتەوە بە

گوڵێکی سور

گوڵی سپیی

ئەرخەوانی...

دیسان دەبێتەوە بە گڕ

ئەو ئاگرە شێتم دەکات

لە ناوەراستی دڵم دا داگیرساوە

ئەو دەیەوێ ئەم زەمینەی

ئاوەدانە بە خاشاکی خەم و ئازار، پاک کاتەوە.

لەپڕ بارانی گریانێ

خۆڵەمیش و تۆزەکەشی دەشواتەوە

ئیتر نە گوڵ نە ڕەنگی ئەرخەوانی گڕ

نە ڕووناکی

نە منداڵی

نە پێکەنین

نە یادگاری

نە بینینی کۆڵانەکانی ئەم دڵەم

نە من...  ئیتر...  دەڵێمەوە :

ئاگرێکی لەناو دڵما کردۆتەوە...

May 2009